شۆردنی خوێنەکە بەسە، وشوێنەوارەکەی هیچ زیانێکت پێناگەیەنێت

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: خەولەی کچی یەسار -ڕەزای خوای لێبێت- هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، تەنها یەک جلم هەیە وهەر بەو جلەوە تووشی سووڕی مانگانە دەبم؛ ئایا چیبکەم؟ ئەویش فەرمووی: «ئەگەر پاکبوویتەوە بیشۆرە، پاشان نوێژی بەو جلەوە بکە»، ووتی: ئەی ئەگەر خوێنەکە (لەسەر جلەکە) لانەچوو؟ -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «شۆردنی خوێن (لەسەر جلەکە) بەسە، وشوێنەوارەکەی هیچ زیانێکت پێناگەیەنێت (ئاساییە)».

[صەحیحە] [ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

خەولەی کچی یەسار -ڕەزای خوای لێبێت- هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پرسیاری لێکرد، باسی ئەوەی کرد تەنها یەک جلی هەیە، وئەگەر تووشی سووڕی مانگانە بێت؛ جلەکە خوێنی پێوە دەبێت، ئایا چیبکات؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی پێکرد بە ئاو جلەکە بشوات ئەگەر پاکبوویەوە، وپاشان نوێژ بەو جلەوە بکات، وئافرەتەکە باسی ئەوەی کرد لەوەیە شوێنەواری خوێن پاش شۆردنیش هەر بمێنێت، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیکردەوە کە ئاو بەسە بۆ پاککردنەوەی جل، وئەو ڕەنگەی دەمێنێت پاش ئەوەڕی هەوڵدان بۆ شۆردنی جلەکە؛ هیچ زیانێکی نابێت و نوێژکردن بەو جلەوە دروستە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/8373